بەهۆی راستگۆیی و جێمتمانەی کوتلەی یەکگرتوو لە چوار ساڵی رابردوو:

# هاوڵاتیانی دیالە و ناوچە جێناکۆکەکان ئومێدیان بڕیوەتە پاڵێوراوانی لیستی یەکگرتوو



رەسمیە کەریم ئەحمەد کاندیدی زنجیرە (٣)ی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو بۆ پارێزگای دیالە



(والی محمەد مەحمود) کاندیدی زنجیرە (٢)ی لیستی یەکگرتوو لە پارێزگای دیالە

ئاکۆ هۆرێنی
گەرمیان/ یەکگرتوو

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەی چ پێشبینییەك دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا؟** بەڕێز (رەسمیە کەریم ئەحمەد) کاندیدی زنجیرە (٣)ی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو بۆ پارێزگای دیالە، ووتی: "پێم وایە هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازی دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو و خەریتەی عێراق دەگۆڕێت لە رووی سیاسییەوە، شیعەکان لیست و هاوپەیمانی نوێیان دروست کردووە، هەروەها سوننەکانیش، بەنیسبەت کوردەوە لە (٢٠٠٥) تەنها دوو لیستی سەرەکی هەبوو بەڵام ئەمجارە زیاد لە چوار لیست پێشبڕکێ دەکات بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق".

هەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی پێشوو بەڕێز (والی محەمەد مەحمود) کاندیدی زنجیرە (٢)ی لیستی یەکگرتوو لە پارێزگای دیالە وتی: "بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردنی ئەم جارە جیاوازیەکی زۆری دیێت لە هەڵبژاردنی پێشوو، چونکە کۆمەڵێك لیستی جیاواز و کەسایەتی سەربەخۆ هاتوونەتە مەیدانەوە بۆ کێبڕکێ کردن لەسەر بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان، هەروەها لیستی نیمچەکراوە گەرم و گوڕیەکی زیاتر دەداتە پرۆسەکە، جگە لەوەش لە هەڵبژاردنی پێشوودا سوننەی عەرەب قورساییان نەبوو لە گۆڕەپانی سیاسییدا، بەڵام ئێستا گەڕاونەتەوە بەتایبەتی بەئاشکرا دیارە بە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێ بەعسییەکان لەژێر ناوی جیادا دووبارە هاتوونەتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق و، دەیانەوێت ئەم جارە پێگەی خۆیان قایم بکەن لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، جگە لەوەش لەبەر کەمتەرخەمی و ناتەواوی و دووڕوویی و دووفاقی حیزبیە سەرەکییەکانی خاوەن بڕیاری ناو حکومەتدا لە بەرامبەر جەماوەردا، لە ئاست کێشە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق دەبێت نەیشارینەوە و روونی بکەینەوە جیاوازییەکان دەردەکەوێت، وەك ئاشکرایە لای هەمووان لە کابینەی پێشوی پەرلەمانی عێراقدا کورد قورساییەکی خۆی هەبوو، بەتایبەتی لە پۆستە سیادییەکاندا دەیاتوانی زۆر شت بکەن بۆ مەسەلەی کورد، بەتایبەتی جێبەجێ کردنی مادەیی (١٤٠) و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی دەستی رژێمی پێشوو و چەندین مەسەلەی سیاسی و شتی تر کە پەیوەستن بە ئایندەی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان ئەوەندی خەریك بوون بە کێشەکانی ناوخۆی خۆیانەوە کێشە و خەمی گەورەی میللەتەکەیان لەبیرچوو، لایەنەکانی بەرامبەریش ئەم هەلەیان قۆستەوە، بەتایبەتی ئیئتلافی شیعی کە دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان پشتیان پێ بەستبوو، بەڵام ئەوانیش وەك دابی هەمیشەییان توانیان فێڵی زۆر لە کورد بکەن لە دەستی بەدەستی کردن بە مادە (١٤٠) و زۆر شتی تر کە دەبووایە نەکرابایە و دواترینیشیان لە دیاریکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، بەپێی دانیشتوانی پارێزگاکان کە کوردستان غەدرێکی گەورەی لێکراوە، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەو جەماوەرەی کە دەنگیان پێدابوون ئێستا لێیان تورەن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت هەم دەنگی جیاواز جێگای خۆی بکاتەوە و هەم ئەوانەیشی کە قەبارەیان بچوك بووە لە پەرلەماندا، پێگەی خۆیان قایمتر و زیاتر بکەن، بۆنموونە بە شایەدی جەماوەری کوردستان و دەرەوەش کوتلەی یەکگرتوو بەو رێژە کەمەی کە هەیەتی لە پەرلەمانی عێراقدا سەلماندی خەمخۆری گەل و نیشتمانە، ئەمەش بەکردەوە سەلماندی بۆ جەماوەر و خەڵکی کوردستان، کە ئەو بەڵێنانەی دایان پێیان بردیانە سەر بە سەربەرزی، هەروەها بەرپەرچی ئەو هەموو تۆمەتانەی دایەوە کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) دەدرایە پاڵی و ئێستاکە بووەتە جێگای ئومێدی جەماوەری کوردستان، بەتایبەتی دانیشتوانی کەرکوك و خانەقین و ناوچە جێ ناکۆکەکان پشت بەخوا و هەوڵ و هیممەتی جەماوەری کوردستان ئەم جارە یەکگرتوو پێگەی خۆی قایمتر دەکات لە پەرلەمانی عێراقدا بۆ داکۆکیکردنی لە مافە رەواکانی گەلی کوردستان".

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەو پاڵنەرە چی بوو وای لێکردن بەشداری لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا بکەن لە پارێزگای دیالە؟** (والی محەمەد) وتی: "هۆکار و پاڵنەر زۆرن وای لەمن کرد خۆم بپاڵێوم، دیارترینیان ناوچە جێناکۆکەکان بەشێکی زۆری دەکەوێتە سنوری گەرمیانەوە، کە خراونەتە سەر پارێزگای دیالە، ئەو شوێنانەش وەك گەرمیان پەراوێزخراون بگرە دوو جاریش نەك جارێك، چونکە لە دوو جێگاوە بوجەی بۆ دیاری دەکرێت، ئەوەی من بەدیی دەکەم و هەستم پێکردووە ئەم ناوچە دابراوانە لەنێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمدا لەبەر کەمیی خزمەتگوزاری بێناز کەوتوون و هاوڵاتیانی بێتاقەت و بێزارن، بۆیە منیش وەك هەر خەمخۆری تری ئەم خەڵك و خاکە هەستم بەو کەمتەرخەمیانە کردووە کە دەرهەق بەم دەڤەرە کراوە، کەچی ئەوان هەردەم لە پێشەوەی قوربانیدانەوە بوون بۆ رزگاری کورد و کوردستان، روونتر بڵێین زۆرترین قوربانی داوە و کەمترین خزمەتگوزاری بۆ کراوە، بۆیە خۆم بەشیاو زانی کە بتوانم لەم رێگەوە خزمەتێکی گەل و نیشتمانەکەم بکەم و یەکگرتوو ئەو شەرەفەی پێ بەخشیم خۆم بپاڵێوم. ئێمەی رۆڵەی یەکگرتوو هەمیشە وای راهێناوین کە هەردەم لە خزمەتکردنی گەل و نیشتماندابین و بە بەشێك لە خواپەرستی بزانین و ئێمەیش یەقینی تەواومان هەیە کە وایە. یەکێکی تر لەو پاڵنەرانە ئەوەیە وەك ئاشکرایە کەموکوڕی و ناتەواوی زۆر بەدی دەکرێت، ئێمەش خوای گەورە دروستی کردووین بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی و رێگەگرتن لە خراپە و کاولکاری بۆیە ناکرێت لە دوورەوە دانیشین و کەسانی تر سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە تەخشان و پەخشان بکەن و کورت و درێژ لەسەر بەرژەوەندی تاکەکەس و تاکە حیزب یاری و رەنگرێژ بکەن، کە لە بنچینەدا بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات تەرخانکراوە بۆ تەواوکردنی ناتەواوییەکانی خەڵکی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکەکانی و خزمەتکردنێکی باشتر و چاکتر هەوڵمان داوە بێدەنگ نەبین بۆ ئەوەی بچینە ئەو مەیدانەوە، کە جێگای بڕیاردانە لەسەر چارەنووسی خەڵك و خاکی کوردستان و هێز و توانا و ئەزموونمان بخەینە کار لەو پێناوەدا".

هەر دەربارەی هۆکاری خۆ کاندیدکردنی بۆ ئەم هەڵبژاردنە (رەسمیە کەریم) وتی: "من کە خۆم پاڵاوتووە و کاندیدم لەسەر لیستی (٣١٥) بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگای دیالە، کە پێشتر ئێمە بەشداریمان کردووە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان و هەروەها بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ئێمە ئەندام و لایەنگر و جەماوەری زۆرمان هەیە لەو پارێزگایە، بۆیە بەباشمان زانی نوێنەرمان هەبێت لەو پارێزگایە، منیش بە شانازییەوە خۆم کاندید کردووە لەو پارێزگایە و بەهیوای دەنگهێنانی دەنگ لەو ناوچەیە".

**ئایا پەیامت بۆ هاوڵاتیان و دەنگدەران چییە؟** (رەسمیە کەریم) دەڵێت: "پەیامم بۆ هاوڵاتیان ئەوەیە کە دەنگ بدەن بە لیستی (٣١٥) ژمارە (٣) لە پارێزگای دیالە، لیستی دڵسۆزان و دەستپاکان و لیستی داکۆکیکار لە مافەکانیان".

هەورەها (والی محەمەد) یش دەڵێت: "پەیامی من بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان، ئەوەیە چیتر بەقسەی زرق و بەرق هەڵنەخەڵەتێن کە ئەمەم لە دەمی خەڵکی ئەو ناوچانە لە کاتی سەردانی مەیدانی و بەسەرکرنەوەیاندا بەرگوێ کەوتووە، ئەو وتەیە ئەوە دەگەیەنێت خەڵکی هۆشیار بوونەتەوە لە ئاست ماف و ئەرکەکانی خۆیان و دەزانن کێ دەکەن بە نوێنەری خۆیان و کێ زیاتر خزمەتیان دەکات، لێرەدا ئەوە دەڵێم و بیرتانی دەخەمەوە کە کەسێك وەفای بەرامبەر بەخوایەك نەبێت کە دروستی کردووە، ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی داوەتێ چۆن وەفای بەرامبەر کەسێك دەبێت کە دەنگی پێدەدات و ئەویش بزانن دەنگدان شایەتیدانە و ئێستا سەردەمی فرۆشتنەوەی رابردوو بەسەرچووە.. ئێستا کێ دەستپاکە و خەمخۆرە ئەوە بکەن بە نوێنەری خۆیان باشترین شتیش ئەو لیستە کراوەیە کە نوێنەرەکان و کەسایەتیەکان دیارن و جەماوەر خۆیان دەیانناسن، دەبێت چاوکراوەبن و سەرپشك بن کێ هەڵدەبژێرن هیچ فشارێك کاریان تێنەکات".

سەبارەت بە بەڵێندان بە هاوڵاتیان (والی محەمەد) ئێژێت: پێشینان وتویانە بەڵێندان ئاسانە بەڵام جێبەجێکردنی گرانە! لەبەر ئەوەی بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ع نەکەوین، کە دەفەرموێت (اية المنافق ثلاث، اذا حدث كذب واذا وعد اخلف واذا ائتمن خان) واتە لە نیشانەی مرۆڤی دووڕوو سێ شتە: کە پەیمانێك دەدەن جێبەجێی ناکەن، یان قسە دەکەن و راست ناڵێن، یان پارێزگاری لە ئەمانەت ناکەن. من تەنها بەڵێنك دەیدەم بەخوای خۆم و، خەڵکی خاوەن هەڵوێستی کوردستان نوێنەری راستەقینەی ئەوان بم و خەمەکانیان بە خەمی خۆم بزانم کێشەکانیان بە کێشەی خۆم بزانم و بەوپەڕی توانامەوە هەوڵ بۆ چارەسەریان بدەم پشت بەخوا ئەگەر ئەو شەرەفەمان پێ بەخشرا و چووینە پەرلەمانەوە وەك براکانی پێشوومان راستگۆبین، کە بەڵێنەکانیان بەجێ هێنا و سەربەرزیان کردین".

هەر سەبارەت بە بەڵێندانیان (رەسمیە کەریم) ئێژێت: "بەڵێن دەدەم بە هاوڵاتیانی خۆڕاگری پارێزگای دیالە ئەگەر دەنگ بێنم هەموو ئاوات و داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکەم و، ئەبم بە دەنگی ئەوان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ بەدەستهێنانی هەموو ماف و کارە خزمەتگوزارییەکان لەو ناوچەیەدا".

لە کۆتایی قسەکانیدا (والی محەمەد) دەڵێت: "لە کۆتاییدا دەڵێم و رووی دەم دەکەمە هاوڵاتیانی کوردستان، ئیتر بەسە چیتر بێدەنگ مەبن لە ئاست مافەکانتاندا ئەوەش بزانن خوای گەورە دەفەرمووێت (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بانفسهم) واتە (هیچ گۆڕانکارییەکتان بۆ ناکرێت ئەگەر خۆتان گۆڕانکارییەکان نەکەن لە خۆتاندا). بۆ دەبێت کەسانێك باوەڕیان نەبێت بەخاوەنی ئایەتەکان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئایەتەکانی قورئان بەکاربێنن کە لە بنەڕەتدا خۆیان باوەڕیان پێی نییە، ئێمەی موسڵمانیش خۆمان بە هەڵگری ئەو پەیامە دەزانین و نابێت پشتگوێی بخەین، کەواتە ئەم هەڵبژاردنەیەش هەلێکە لەبەردەستاندا لەدەستی مەدەن و بزانن چی دەکەن و کێ دەکەن بە نوێنەری خۆتان. لیستی ژمارە (٣١٥)ی یەکگرتوو پشت بەخوا چاوەڕوانی هیممەتی ئێوەی دەنگدەرە و ئومێدیشی پێتانە و زۆریش دڵخۆشە".

(رەسمیە کەریم) یش لە کۆتاییدا دەڵێت: "ئەڵێم بە هاوڵاتیان چیتر بە هوتاف و هەرا و هۆریا و قسەی زل هەڵنەخەڵەتێن. بە دەنگی خۆتان ئایندەی خۆتان و نەوەکانتان دیاری بکەن و بزانن لە رابردوودا کێ راستی لەگەڵ کردوون و کێش فریوی داون، چاکەکان لە خراپەکان جیا بکەنەوە و، هەر میللەتێکیش هۆشیارییەکی تەندروستی نەبێت ئەوا ناتوانێت ئایندەی زێڕین بۆخۆی دیاری بکات".